


# ئەمەش بزانە



تاج مەحەل یەکێکە لە جوانترین و ناودارترین باڵەخانەکانی جیهان. ئەم باڵەخانەیە، ئیمپراتۆری مەغۆل (شای جیهان) بەر لە (٤٠٠) چوار سەد ساڵ لەسەر گۆڕی ژنەکەی خۆی ((مومتاز)) لەسەر کەناری رووباری (جومنا) لە هیندستان دروستی کردووە.



# سەیرە، بەڵام راستە!




- کێچ، ئەو خشۆکە بچووکە خوێنمژەی بە بازدان دەڕوات، دەتوانێت بە بازدانێک خۆی ٣٥ سانتیمەتر هەڵبدات.
ئەگەر ئێمەی مرۆڤ بەپێی جەستەی خۆمان هێندەی ئەو خۆمان هەڵدابایە، بەیەک بازدان ٢١٣ مەتر خۆمان هەڵدەدا.



- فیل لە رۆژێکدا ٢٣٠ کیلۆ گرام شینایی و ٢٧٠ لیتر ئاو دەخواتەوە.
- بێچووی نەهەنگی شین رۆژانە ٢٠٠٠ لیتر شیر دەخواتەوە.
- مانگا، ئەگەر لە کاتی دۆشیندا موسیقا و گۆرانی بۆ لێبدرێت، زیاتر شیر دەدات.



- کەنغەر، ئەو گیانەوەرەی لە گویرەکەیەک گەورەترە و لە ئوستورالیا دەژیت، ساڵێ جارێک دەزێت و تەنیا بێچوویەک دێنێت. شتی سەیریش ئەوەیە ... قورسایی بێچووەکەی لەو کاتەی دەبێت یەک گرامە و درێژییەکەشی دوو سانتیمەترە.







# بۆچی؟





## بۆچی مرۆڤ لەرزەی دێتێ؟

**کاتێک مرۆڤ سەرمای دەبێت یان دەترسێت ماسولکەکانی لەشی دەجوڵێن و لە ئەنجامی ئەو جولانە لەرزەی دێتا. ئـەو لەرزەش هەموو جەستـەی مرۆڤ دەگرێتەوە، بەلام زیاتر لە دەست و پێدا دەردەکەوێت.**

## بەدوایدا بگەڕێ و بیدۆزەرەوە!

**وێنەی دووەم لـەبەر وێنەی یەکەم کێـشراوە، بەلام هەشت هەڵەی تێدا کراوە، بەدوایاندا بگەڕا و بیاندۆزەوە!**




